**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**

پشت بەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان– عیراق داینـاوەو بـەپێی حـوکمی مـادە دە/یەکەم لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردســـــــــــتان– عیراق، ئەم یاسایەمان دەرچواند:

# یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی/٢٠٠٦
# یاسای وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم: هەرێم**: هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**دووەم: وەزارەت**: وەزارەتی کارەبای هەرێم.

**سێیەم: وەزیر**: وەزیری کارەبای هەرێم.

**چوارەم: بریکار**: بریکاری وەزارەتی کارەبای هەرێم.

**پێنجەم: ئەنجومەن**: ئەنجومەنی راوێژکاریی وەزارەتەکە.

## ئەرك و فرمانی وەزارەتەکە

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت، ئەم ئەرك وفرمانانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەکەم:** بەرهەم هێنان و و زامنکردن و دابەشکردنی وزەی کارەبا.

**دووەم:** بەگەڕخستن وچـاکردنەوەی بـەردەوامی بنکـەکانی بەرهـەمهێنانی کارەبـاو، تۆڕەکانی گەیاندن و دابەشکردنی.

ئـــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ســێیەم:** بەشــداری کــردن لــە بــەهێز کردنــی ئــابووریی نیــشتمانیدا لــە بــواری بەرهــەمهێنانی ووزە وگواســتنەوەی وگەیانــدن بــە بەشــدارانی بەگــشت توێژەکانیەوەو کۆنترۆڵ کردنی تۆڕی کارەباو کۆکردنــەوەی کرێکــانی و بەرزکردنەوەی ئاســتی ئەنجامــدانی کــار، بــە مەبەســتی پەلــە لێکــردن لــە پێشخستنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری لە هەموو لایەکی هەرێمدا لــە رێگــەی دامەزرانــدنی ویــستگەی بەرهــەمهێنی نــوێ وپێــشکەوتوو بۆدابینکردنی پێداویستی کارەبا بۆ هەنووکە وئاینده جگە لــە دامەزرانــدن وفراوانکردنی تۆڕی گواستنەوەو دابەشکردنی کارەبا ، بۆ ئەوەی لەگــەڵ پێداویستی زیادبوونی بارگەکان (الاحمال)و، بەرزکردنەوەی پلەی دڵنیاییدا بگونجێ و، گەیاندنی تەزووی کارەبــا بــۆ بەشــداران ، بــەپێی ئاکارەکــانی پێوانەیی داواکراو.

**چــــوارەم:** ئامــادەکردنی پلانــی ســالأنەو دوورخایــەن بــۆ کــەرتی کارەبــاو، سەرپەرشــتیکردنی جێبــە جێکردنــی پلانــە بریــار لەســەردراوەکان و، هەڵسەنگاندنی ئەنجامی جێبە جێکردنە کە.

**پێنجەم:** ئامادەکردنی لێتۆژینەوەی کەلکی هونەری و ئابووری لەســەر پرۆژەکــانی وەزارەت و، پێــشنیازی تۆمارکردنیــان لــە نێــو پلانــەکانی وەزارەتــدا و، جێبەجێکردنی پرۆژە بریار لەســەر دراوەکــان و رەچــاوکردنی ســەلامەتیی ژینگە.

**شەشەم:** کۆشش بۆ وەکێشکردنی سەرمایەو، هاندانی وەبەرهێنانی نیــشتمانی و بیــانی لەو کەرتانەدا کە پێوەندییان بە ئیشوکاری وەزارەتەکەوە هەیە.

**حەوتەم:** هەماهەنگی وتەواوکاری (التكامل) لەگەڵ وەزارەتەکانی فیدراڵدا.

ئــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

# پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێك دێت:

١- **وەزیر** : سەرۆکی باڵاو بەرپرسی ئیش و کاروئاراستەکردنی سیاسەتی وەزارەتەکەیەو سەرپەرشتی و چاودێریان دەکا، هەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەکیش کە پێوەندیی بەئەرکوفرمان وپێکهاتەو دەسەڵات وکاروباری دیکەی هونەری و دارایی وئیداری وڕێکخستنی وەزارەتەکەوە هەبێ، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە وەزیرەوە دەردەچن وخۆی سەرپەرشتیی جێبەجێکردنیان دەکات و بەرپرسیشە لە بەردەمی ئەنجومەنی وەزیراندا چونکە خۆی ئەندامێکی هاوکاری ئەنجومەنەکەیەو، بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە بریکاری وەزاەتەکە، یان بە بەڕێوبەرە گشتییەکان یان بە هەر فرمانبەرێکی وەزارەتەکە، کە خۆی بەباشی بزانی، بسپێرێ.

٢- **بریکاری وەزارەت:** لە چوارچێوەی ئەودەسەڵاتەی کە وەزیر پێی دەسپێرێ، یاریدەی وەزیر دەدات لە ئاراستەکردن و سەرپەرشتیکردنی کاروباری وەزارەتدا.مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆی تایبەتمەندی هەبێ.

٣- **نووسینگەی وەزیر:** فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەر،بەڕێوەی دەبا ،کەبڕوانامەی زانکۆی هەبێ و ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

٤- **نووسینگەی بریکاری وەزارەت:** فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبا،کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ. ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

٥- **ڕاوێژکاران:** لە چوارکەس زیاتر نابن.مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ و خاوەن ئەزموون و کارامە بن.

٦- **بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ئیداری و دارایی:** بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتیی دەکا،کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و، خاوەن ئەزموون وپسپۆربێ.

٧- **بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانان و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی کارەبا:** بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتیی دەکا،کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و ،خاوەن ئەزموون و پسپۆربێت.

٨- **بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا:** بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتیی دەکا،بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و ، خاوەن ئەزموون و پسپۆریش بێت.

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**٩- بەڕێوەبەرایـــەتی گـــشتیی گواســـتنەوەی وزەی کارەبـــا:** بەڕێوەبـــەرێکی گـــشتی سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و ،خاوەن ئەزموون و پسپۆڕبێت.

**١٠- بەڕێوەبەرایـــەتی گـــشتیی دابەشـــکردنی وزەی کارەبـــا:** بەڕێوەبـــەرێکی گـــشتی سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و ،خاوەن ئەزموون و پسپۆڕبێت.

**١١- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کۆنترۆڵ و پێوەندیکردن:** بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و ،خاوەن ئەزموون و پسپۆڕبێت.

**دووەم:** لە هەر پارێزگاییێ، لە پارێزگاکانی هەرێمدا، بەڕێوەبەرایەتییـەکی گـشتی کارەبـا پێـك دەهێنرێ، فرمانبەرێ سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا،کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕبێت.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم :** ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت پێك دێت لە:

١- **وەزیر:** سەرۆکە.

٢- **بریکاری وەزارەت:** جێگری سەرۆکە.

٣- **نوێنەری وەزارەتی دەرامەتە سروشتیەکان ـ** ئەندامە ـ بەمەرجێ پلەی لـە پلـەی بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ

٤- **نوێنەری وەزارەتی ژینگە** ئەندامە ـ بەمەرجێ پلەی لە پلەی بەڕێوەبـەری گـشتی کەمترنەبێ

٥- **راوێژکاران**، بەمەرجێ لە سێ کەس زیاتر نەبن -ئەندامن.

٦- **بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتەکە**- ئەندامن.

٧- **هەر شارەزایەکی پسپۆڕ**،کە وەزیر ، لە ناو وەزارەت یان لە دەرەوەی وەزارەتەوە دەستنیشانی بکات - ئەندامە

**دووەم:**ئەنجومەن، دەربارەی ئەم کاروبارانەی خوارەوە (ڕاوێژ) پێشکەش دەکا:

١-ڕێکخستنی سیاسەتی بەرهەمهێنان و گواستنەوەو دابەشکردنی وزەی کارەبا ودانانی پلانە ستراتیجیەکان.

٢- ڕێکخستنی وەبەرهێنان لە بواری کارەبادا.

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٣- لەسـەر پێـشنيازی وەزيروبـەبڕياری ئەنجومـەنی راوێـژكاريی وەزارەت،كريـێ كارەبـا ديارده‌كرێ، بەمەرجێ ئەنجومەنی وەزيران پەسەندی بكات.

**ماددەی پێنجەم** :

**يەكەم:** ئەركوفرمان و ئيشی تايبەتی پێكهاتەكانی وەزارەتەكە،بە پەيرەوێك دياردەكرێن.

**دووەم:**وەزير، بۆی هەيە ،بەڕێوەبەرايەتی،يان بەش، يان هۆبە،لە پێكهاتەكانی وەزارەتدا بەپێی پێداويستی ئيشەكانيان،لە كاتی پێويستدا ،بكاتەوە يان لێكيان بدات،يان پووچـەڵيان بكاتەوە.

**سێيەم:**وەزير بۆی هەيە بەڕێوەبەرايەتی وبەش وهۆبەی نوێ بكاتەوە، يان تێكەڵاويان كـات، يان پووچەڵيان بكاتەوە، لە چوارچێوەی پێكهاتەكانی وەزارەت وبەپێی پێداويـستی كارەكانی.

**ماددەی شەشەم**:

وەزير،بـۆی هەيـە رێككـەوتن ،لەگـەڵ كۆمپانيـا نيـشتمانی و بيانييەكانـدا، لـەبارەی پرۆژەكانی كارەباوە،ببەستێ.

**ماددەی حەوتەم**:كار بەهيچ دەقێك ناكرێت كە ناكۆك بێت لەگەڵ حوكمەكانی ئەم ياسايەدا.

**ماددەی هەشتەم**: پێويستە لەسەر ئەنجومەنی وەزيران و،لايەنە پێوەنديـدارەكان، حوكمـەكانی ئەم ياسايە بخەنەكار.

**ماددەی نۆيەم**:ئـەم ياسـايە لـە رۆژی دەركردنييـەوە دەخرێتـەكارو، لـە رۆژنامـەی فـەرمیی (**وەقايعی كوردستان**) دا بڵاودەكرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان - عيراق**

**لە رۆژی (١٦ /١٠/٢٠٠٦)ی زايينی لە هەولێر دەرچووە**
**بەرامبەر ٢٤ / رەزبەر/٢٧٠٦ ی كوردی**

ئـــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

### هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، وەزارەتێکی نوێ،بەناوی (وەزارەتی کارەبا) دانراوەو،فەرمانگەکانی کارەبا، لە فەرمانگەکانی وەزارەتی پێشووی پیشە سازی و وزە،دابڕکراون و، خراونەتەسەر ئەم وەزارەتە نوێیە و، بۆ ئەوەی قورسایی چالاکییەکانی بخاتەسەر بواری بەرهەمهێنان و دابەشکردنی وزەی کارەباو، خزمەتی بەردەوامی بنکەو تۆڕی گواستنەوەو دابە شکردنی وزەی کارەبا بکات و،کارەبا، بۆ هەموو ماڵ و سووچ وقوژبنێکی هەرێمی کوردستان رابکێشی و، پێکهاتەو ئەرکوفرمان و ئامانجەکانی ئەم وەزارەتەش دیاربکرێن،..بۆیە،ئەم یاسایە دانرا.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com